# ڕێکەوتی ئیعدامی شەهیدانی بۆکان و سەقز

دووسێ مانگێک پێش ئێستا بابەتێکم لە سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان و دوو ماڵپەڕی دیکە (ڕێنیسانس و هەڵوێست) بڵاو کردەوە. لە ووتارەکەدا پرسی سەبارەت بە ڕێکەوتی ئیعدامی شەهید عەلی بەگی یەکشەوە لە بۆکان و 11 شەهیدی سەربەرزی شاری سەقزم هێنایە گۆڕێ.

مەسەلەی ڕێکەوتی ڕۆژ و مانگی ئیعدامی ئەو 12 شەهیدە، بە پێچەوانەی 7 شەهیدەکەی مەهاباد، نادیار بوو و لەپرووپێستدا مابووەوە.

سەرەتا وامدەزانی کە تەنیا منم لێیان ئاگادار نیم و سەرچاوەکانی بەردەستی منن کە باسی لێوە ناکەن. بەڵام درەنگتر تێگەیشتم هیچ سەرچاوەیەکی کوردی یا نە ئەو کەسانەی وا بیرەوەریی ڕاستەوخۆی ئەو ڕۆژانەیان هەیە، لە سەر ڕێکەوتەکان یەکدەنگ نین. لە ڕەوتی کارەکەدا بۆم دەرکەوت کە ڕێکەوتی شەهادەتی عەلی بەگی شێرزاد (یەکشەوە) بە هۆی نووسراوی سەر کێلی قەبرەکەیەوە گۆمانی لە سەر نییە، بەڵام پرسی ئیعدامەکانی سەقز نادیار ماوەتەوە و ڕێکەوتەکەی یەکلایی نەبۆتەوە.

لە خوارەوەتر سەرجەمی ئەو چوار وتارە دەهێنمەوە کە بە یارمەتی چەندکەس لە ئەندامانی بنەماڵەی فەیزۆڵڵابەگی لە ماوەیەکی دوومانگیدا بڵاوم کردنەوە. بەڵام من ئێستاش هەر چاوەڕوانم بەڵگەیەکی گومان لێنەکراو دەست بکەوێت کە بەگوێرەی ئەو بتوانین دەست نیشانی یەکجاری ڕێکەوتی ئەو ئیعدامانە بکەین و لەو بوارەدا بۆچوون و هەواڵ و بەڵگەی خوێنەران بە پێخۆشییەوە وەردەگرم و بە ناوی خۆیانەوە بڵاوی دەکەمەوە؛ بەڵکوو بە یارمەتی شارەزایان ئەو پەردە تاریکەلە سەر مێژووی ئەو ساڵانەی کوردستان لابدرێت. ئەو کەسانەی وا دەستیان بە ژمارەی کۆنی چاپەمەنییەکانی ئێران وەک ڕۆژنامەی ئێتیلاعات، یا گۆڤاری مانگانەی ئەرتەش و ژاندارمری و ئەوانیتر ڕادەگات، واهەیە بتوانن سەیری ژمارەکانی مانگی ئیسفەندی 1325 (1947) یان بکەن و لێرە ولەوێ هەواڵ و ڕاگەیێنراوی حکوومەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوەی سەبارەت بەو ئیعدامانە بدۆزنەوە. لەو ڕێگایەوە دەتوانرێت وەڵام یا لایکەم سەرەتایەک بۆ وەڵامدانەوەی پرسەکە بدۆزرێتەوە.



ئەوە ئێوە و ئەوەش دەقی ووتارەکان:

# ڕێکەوتی شەهادەتی
# شەهیدانی کۆماری کوردستان
# ( ٦- ١٣٢٥ / ٧- ١٩٤٦ )

## (لێکۆڵینەوەیەک)

ئەنوەر سوڵتانی

مەکی یەش‌ەب
٣٠ – ٣ – ٢٠١٠

بۆ نووسینی سەرەتایەک بۆ کتێبی بیرەوەیی خەباتکارێکی شۆڕشگێری کورد(١) دەبوایە ئاماژە بە ڕۆژی شەهید بوونی ڕۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان عەلی بەگی یەکشەوە (شێرزاد) و دەست نیشانی ڕێکەوتی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بکەم و بۆ ئەم کارە سەردانی هەندێک سەرچاوەی بەردەستی خۆمم کرد بەسەر سووڕمانەوە تێگەیشتم زۆربەی سەرچاوەکان بە سەر مەسەلەکە دا تێپەڕیون و خۆیان لە قەرە نەداوە (٢)، لەویش خراپتر، شەهید بوونی ١١ قارەمانی نەتەوەیی لە سەقزلە پڕوپێست دا ماوەتەوە و ڕێکەوتی ڕۆونی بۆ دیاری نەکراوە.

بۆ تیشک خستنە سەر بابەتەکە، پەیوەندیم بە ڕێزدار حەسەنی قازییەوە گرت کە ماڵپەڕێک بە ناوی "وێنەی کۆماری کوردستان" بەڕێوەدەبات و بە نووسین و وەرگێران لە سەر مەسەلەی کۆماری کوردستان کاری زۆری کردووە. کاک حەسەن دەڵێ لە ژێر فۆتوکۆپی وێنەیەکی شەهید ئەحمەدی فاڕووقی بە قەڵەم نووسیوەمە: *"تاریخی شەهادەتی شەهیدانی سەقز (٤ی فێورییەی ١٩٤٧)"* و، کاتی خۆی ئەو زانیارییەم لە بابەتێکی درێژسەبارەت بە محاکەمەی ئەوان لە ڕۆژنامەی 'ئیتیلاعات' چاپی تارانەوە ڕاگۆێستووە، بەڵام لە بەر ئەوەی ئێستا ئەسڵی ئەو ڕۆژنامەیەم بەدەستەوە نییە، لەوە دڵنیا نیم ئەو ڕێکەوتە دروست بێت." ڕۆژی ئاماژەپێکراوی کاک حەسەن واتە ١٩٤٧/٢/٤، دەکاتە ١٣٢٥/١١/١٤. دوای چەندین ئیمەیل گۆڕینەوە لەگەڵ کاک حەسەن و وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لێی، بۆم دەرکەوت کە مێژوونووسانی کورد و کەسایەتی و حزبە سیاسییە کوردەکانیش هێشتا لە سەر هەندێک ڕێکەوت ساخ نەبوونەتەوە و دەبێ بابەتەکە بخرێتە بەر وتو وێژێکی بەربڵاوی پسپۆڕ و شارەزایان بۆ ئەوەی ڕۆژی ڕەشی ئیعدامی ئەو شەهیدانە دەست نیشان بکرێت و هەموو ساڵێک بیرەوەرییان زیندوو بکرێتەوە و ڕێزیان لێ بگیرێت.

ئەوەندەی بۆم دەرکەوتووە و لە نووسینەکانی کاک حەسەنی قازی و سەرچاوەکانی دیکەش – بۆ نموونە کتێبی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" ی نەمر مەحمود مەلا عززەت و نووسینەکانی کاک نەوشیروان ئەمینیش دا دەبینرێت، زنجیرەی ئێعدامەکان لە بۆکانەوە دەست پێدەکات و دەگاتە سەقز و پاشان مەهاباد، بەڵام لەو بەینە دا یەک شت ڕوون نییە: گەلۆ ئیعدامەکانی سەقز هاوکات بوون لە گەڵ شەهیدکرانی عەلی بەگ لە بۆکان یاخۆ مانگێک دوای ئەو بوون و ئەوەش پرسیاری سەرەکی من و گرێی ئەم باسەیە.

ئەوەندەی بۆ من دەرکەوتبێت ئەوەیە و لە بیرەوەرییەکانی هەر ئەو خەباتکارە شۆڕشگێڕەشدا کە پێشتر ئاماژەم پێدا و نامەوێت تا بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی، ناوبردەی بکەم، وا دەردەکەوێت کە شەهیدەکانی سەقز- واتە ئەحمەدخانی فارووقی و دوو برای و هەشت کەسەکەیتر هەموو، یا بەشی زۆریان هاوڕێ لەگەڵ عەلی بەگی شێرزاد، لە بۆکان لە ماڵی "ڕەشیدە سوور" زیندانی کراون. ماڵی ڕەشیدە سوور لە ڕاستیدا کاروانسەرایەکی گەورە بوو ڕووبەڕووی دوخانیاتی کۆن لە سەرشەقامی سەقز. دوخانیات لە ماوەی کۆماری کوردستاندا " کانگای حزبی دێمۆکڕاتی کوردستان" واتە ناوەندی لکی بۆکانی حزبەکە بوو و ئاڵای کوردستانی لە سەر دەشەکایەوە.

ماڵی ڕەشیدە سوور لەوساڵانە و ساڵانێکی گەلێک دواتریشدا، کاروانسەرایەک بوو گوندنشینان بە تایبەت ئاغاواتی دەوروبەری بۆکان کاتێ دەهاتنە ناو شار، لەوێ مەنزڵیان دەخست و شوێنێکی گەورە و بەرفراوان بوو، وا دیارە ئەرتەشی ئێران دوای وەربوونەوەی دووبارەیان بەناو کوردستان و سەپاندنەوەی دەسەڵاتی نگریسیان بە سەر خاکەکەماندا، لەو شوێنە دامەزراون و وەک زیندان و هەر وەها سەربازخانە کەلکیان لێ وەرگرتووە بە بێ ئەوەی خاوەنەکەی دەستی لەگەڵ ئەواندا بووبێت. قارەمانەکانی ئێمەشیان هەر لەوێ ڕاگرتووە،پاشان عەلی بەگیان لە بۆکان هێشتووەتەوە و ئەوانیتریان ناردۆتە سەقز ولەوێ شەهیدیان کردوون. نووسەری بیرەوەرییەکان باسی ئەو ڕۆژانە دەکات کە لەوێ سەردانی کردوون و لە گەڵ خواردن و کەرەسەی پێویست، هەواڵی دەرەوەشی بۆ بردوون،پەیامی ئەوانیشی گەیاندووەتە دەرەوە.

گەرچی نووسەری بیرەوەرییەکان ڕۆژ و ڕێکەوتی ئێعدامەکان دیاری ناکات،بەڵام وەک گوتم، بەکەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەی جۆربەجۆر، ڕێکەوتی سێ دەستە ئێعدام لە مەهاباد و بۆکان ڕوون دەبێتەوە و ئەوەی بمێنێت ئێعدامەکانی سەقزە، کە هیوادارم لە وڵامی ئەم داواکارییە دا خەڵکانی شارەزا، بەڵگەو بۆچوونی خۆیان ڕابگەیێنن و بە نووسین بڵاوی بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو خاڵە تاریکە بکەوێتە بەر ڕووناکایی. بە کورتی ئێعدامەکان بەم شێوەیەی خوارەو بەڕێوەبراون:

<u>ئا) لەبۆکان</u>

**١. شەهید عەلی بەگی شێرزاد** ١٣٢٥/١١/٢٥ (١٤-٢-١٩٤٧)

عەلی بەگی یەکشەوە (شێرزاد)، نەوەی ئاغاشێربەگ، لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی و یەک لە خاوەن مڵکانی گوندی "یەکشەوە" لە ڕۆژ هەڵاتی بۆکان بوو. ناوبراو لە سەردەمی کۆماری کوردستان فەرماندەی هێزی چڵی ٥ ی ناوەندی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان واتە لکی بەگزادەی فەیزوڵڵابەگی بوو و بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی مەهاباد (ژمارە ٢٤)، ڕۆژی ١٩ ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٦/٢/٨) (3)، ڕێ و ڕەسمێکی بەشان و شکۆی بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە گوندی یەکشەوە بەڕێوەبردبوو. عەجەم زۆری لێ داخ لە دڵ بوون و دوای هەرەسی کۆمار و گەڕانەوەی هێزی داگیرکەر بۆ کوردستان، لە <u>ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ (١٤-٢-١٩٤٧)</u> دا لە سەر حەوزەگەورەی بۆکان (لە قوژبنی سەر شەقامی سەرەکی شار و ئەو شەقامەی وا لەم ساڵانەدا بەرەو لێژی قەڵا لێدراوە)، لە داری بێدادیان دا.

## ب) له سەقز

وەک گوترا، ڕۆژی ئیعدامەکانی سەقز تەواو ڕوون نییە و سەرچاوەکان لەوبارەیەوە یەکدەنگ نین. هەندێک کەس لایان وایە ئێعدامەکانی سەقز و بۆکان هاوکات بوون و بەم پێیە دەبێ لە ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ بەڕێوەبرابێتن. بەڵام هەندێکی تر لە جیاتی مانگی ڕێبەندان، مانگی ڕەشەمەی هەمان ساڵی بۆ دیاری دەکەن و تەنانەت دەڵێن لە ١٣٢٥/١٢/٢٥ ( ١٤- ٣- ١٩٤٧) دابووە کە دەکاتە مانگێکی تەواو دوای ئێعدامی عەلی بەگ لە بۆکان. من کاتێ سەرنجی ئەو ڕێکەوتە دەدەم،زیاتر دەچمە سەر باوەڕی ئەوەی مانگی ١٢ هەڵە بێت و لە هەمان مانگی ١١ دا زنجیرەی ئێعدامەکانی بۆکان و سەقز پێکەوە بەڕێوەبرابێتن. بەڵام وەک گوتم، چاوەڕوانی بۆچوون و ڕاگەیاندنی شارەزایان دەمێنمەوە.

شەهیدەکانی سەقز ١١ کەس بوون، کە من لەم لیستەیەی ئێرە دا لەگەڵ شەهیدانی بۆکان و مەهاباد پێکەویان دەهێنمەوە و دوای شەهید عەلی بەگ لە بۆکان، لە ژمارە ٢ەوە دەست پێدەکەم:

**٢. شەهید ئەحمەدخانی فاڕوقی (سالاری قەیلەسوون)**، موعاوینی هێزی بۆکان و مەنتەقە. شەهید ئەحمەدی فاروقی، هەروەها بە "ئەحمەدخانی خەلیل خان" یان بە ناوی گوندەکەیەوە بە "ئەحمەد خانی قیلەسوون" دەناسرا، نەوەی ئاغاشێربەگ و لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی بوو. لە گوندی "جەننەت دەرە" ی سەقز نێژراوە؛

**٣. شەهید محەمەد خانی دانیشوەر**،خاوەن مڵکی گوندی "ئاڵکەلوو"ی سەقز و برای ئەحمەد خانی فاروقی، کوڕی خەلیل خان و نەوەی ئاغا شێربەگ لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی بوو. لە گوندی "جەننەت دەرە" ی سەقز نێژراوە؛

**٤. شەهید عەبدوڵا خانی مەتین**، خاوەن مڵکی گوندی"داشاڵوجە"ی سەقز و برای ئەحمەدخانی فاروقی و محەمەد خانی دانیشوەر، کوڕی خەلیل خان و نەوەی ئاغا شێربەگ لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی. لە گوندی "جەننەت دەرە" ی سەقز نێژراوە؛

**٥. شەهید عەلی خانی فاتیح**، خاوەن مڵکی گوندی "قەلەندەر"ی سەقز و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو. لە گوندی "جەننەت دەرە" ی سەقز نێژراوە؛

**٦. شەهید مەحەمەد خانی فەیزوڵا بەگی** (حەمەخانی ئاغاخان بەگ) خاوەن مڵکی گوندی "قارەوا چکۆڵە"ی سەقز و نەوەی ئاغا شێربەگ لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو. لە گوندی "جەننەت دەرە" ی سەقز نێژراوە؛

**٧. شەهید ئەحمەدخانی شەجیعی**، خاوەن مڵکی گوندی "کەڵتەگە"ی سەقز و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو. لە گوندی "جەننەت دەرە" ی سەقز نێژراوە؛

٨ **. شەهید حەسەنخانی فەیزوڵابەگی**، خاوەن مڵکی گوندی "کانی نیاز" ی سەقز لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو. نەوەی ئاغا شێربەگ لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو و لە گوندی "جەننەت دەرە" ی سەقز نێژراوە؛

**٩. شەهید شێخ سدیقی ئەسعەدی**، خاوەن مڵکی گوندی "یازی بڵاغی" سەقز؛ لە گوندی "جەننەت دەرە" ی سەقز نێژراوە؛

**١٠. شەهید شێخ ئەمین ئەسعەدی**، خاوەن مڵکی گوندی "کەس نەزان"ی سەقز. لە گوندی "جەننەت دەرە" ی سەقز نێژراوە.

**١١. شەهید ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی**، خاوەن مڵکی گوندی "میرەدێ" و لە هۆزی گەورکی سەقز. لە گوندی "میرەدێ" ی نێوان سەقز و بانە نێژراوە؛

**١٢. شەهید عەلی ئاغای جەوانمەردی**، خاوەن مڵکی گوندی "تەمووتە" و لە هۆزی گەورکی سەقز. لە گوندی "تەمۆتە" ی سەقز نێژراوە؛

**<u>پ) لە مەهاباد</u>**

لە مەهابادی پێتەختی کۆمار، بە ماوەی هەفتەیەک حەوت کەس شەهید کران: یەکەم، کەسانێک کە لە چوارچرای مەهاباد شەهید کران، بریتی بوون لە پێشەوا،سەیف و سەدری قازی و دووەم تاقم، چوار کەس بوون لە ئەفسەرانی هێزی کۆماری کوردستان.

**١٣. پێشەوای نەمری گەلی کورد، شەهید قازی محەمەد:** ڕۆژی شەهادەت، بەرەبەیانی دووشەممە ١٣٢٦/١/١٠ (٣٠- ٣ -1٩٤٧)

**١٤. شەهید محەمەد حوسەین خانی سەیفی قازی**- وەزی هێزی جمهووریەتی کوردستان و ئامۆزای پێشەوا، بەرەبەیانی دووشەممە ١٣٢٦/١/١٠(٣٠-٣- ١٩٤٧)

**١٥. شەهید ئەبولقاسمی سەدری قازی** – نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە پارلمانی ئێران، نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە تاران و برای پێشەوا. بەرەبەیانی دووشەممە ١٣٢٦/١/١٠ (٣٠ – ٣ – ١٩٤٧ )

وەک گوترا، هەفتەیەک دوای شەهیدکرانی پێشەوا و هاوڕێکانی، سەرلە نوێ داری بێداد لە شاری مەهاباد هەڵکرا و چوار خەباتکاری ڕاستەقینەی گەل و نیشتمانی پێدا هەڵاوەسران. چوار شەهیدەکە، بریتی بوون لە:

**١٦. شەهید حامید مازووچی، سەربەرز**، فەرماندەی دیژبانیی ناوەندی مەهاباد، ڕێکەوتی شەهادەت: شەوی ١٣٢٦/١/١٧(٧- ٤ – ١٩٤٧)

**١٧. شەهید ڕەسووڵ نەغەدەیی، ناودار**، ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێکەوتی شەهادەت: شەوی ١٣٢٦/١/١٧ (٧-٤-١٩٤٧)

**١٨. شەهید عەبدوڵا ڕەوشەن فیکر، ناودار**، ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێکەوتی شەهادەت: شەوی ١٣٢٦/١/١٧(٧-٤-١٩٤٧

**۱۹. شەهید محەمەد نازمی، ناودار**، ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێکەوتی شەهادەت: شەوی ۱۳۲٦/۱/۱۷(۷- ٤- ۱۹٤۷)

بۆ ئیعدامەکانی مەهاباد بەڵگەی ڕەسمی بە دەستەوەن و لە وانە ڕاگەیاندنەکانی حکوومەتی ئێرانن و بەم پێیە تەنگژیەک سەبارەت بە دیاریکردنی ڕێکەوتی ئەو جینایەتانەی ڕژێمی شا نایەتە پێشێ. ئەوەی جێگەی باس بمێنێتەوە، ڕێکەوتی ئیعدامی شەهیدانی سەقزە و گەلێک هیوادارم ئەویش بە هیمەتی شارەزایان ڕوون بکرێتەوە.

---

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

(۱)هیوادارم کتێبەکە لە ماوەی ئەمساڵ دا بکەوێتە کتێبخانەی کوردییەوە.

(۲) بۆ نموونە، کاک نەوشیروان ئەمین لە کتێبی "حکومەتی کوردستان – کورد لە گەمەی سۆڤێتی(ل.۲٦۸)" دا،دوای ئەوەی ڕێکەوتی ئێعدامی پێشەوا و هاوڕێیانی،هەر وەها چوار شەهیدەکەی دیکەی مەهاباد دەست نیشان دەکات،لە باسی عەلی بەگ و ۱۱ شەهیدەکەی سەقز دا دەنووسێت:*"هەر لەو ماویەدا ..لە سەر حەوزی بۆکان...و لە سەقز هەڵواسران."* و ڕوونی ناکاتەوە*"هەر لەو ماوەیەدا"* چییە و کەنگێیە.

(3) بەگوێرەی زانیاری هەموو لایەک و بە دەربڕینی ڕاشکاوی ژمارە 10 ی گۆڤاری کوردستان چاپی مەهاباد، هەڵکرانی ئاڵا لە مەهاباد ڕۆژی 26 ی سەرماوەز (ئازەر) ی ۱۳۲٤ بووە کە دەکاتە ۱۹٤٥/۱۲/۱۷ ی زایینی*(نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو، لاپەڕە ۱۹۰ ).*

هەروەها بە پێی هەواڵی گۆڤاری کوردستان چاپی مەهاباد (ژمارە ۲)، ئاڵای کوردستان لە ڕۆژی ۱۳۲٤/۹/۲۸ (۱۹٤٥/۱۲/۱۹) لە شاری نەغەدە هەڵکراوە*(هەمان، ل ۹۱).*

بە گوێرەی هەواڵی ژمارە ۱ ی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی مەهاباد، ئاڵای کوردستان لە ڕۆژی هەینی ۱۳۲٤/۱۰/۷ لە سەر قەڵای بۆکان هەڵکراوە کە دەکاتە ۱۹٤٥/۱۲/۲۸ واتە ۷ ڕۆژ دوای ڕێ وڕەسمی هەڵکرانی ئاڵا لە مەهاباد.

# ڕێکەوتی شەهادەتی
# شەهیدانی کۆماری کوردستان
# ( ٦- ١٣٢٥ / ٧- ١٩٤٦ )

## (لێکۆڵینەوەیەک)

ئەنوەر سوڵتانی

## بەشی دووهەم
٢٠١٠ ــ ٥ ــ١٩

دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی بەشی یەکەمی ئەم وۆتارە، چەند هاوڕێی خۆشەویستم هەندێک زانیاری نوێتریان بە نامە و ئیمەیل یا بە تەلەفون پێدام، کە لێرەدا سپاسیان دەکەم. ئەوەی خوارەوە کورتەی بابەتەکانی ئەو برادەرانەیە:

١. سەرەتا کاک حەسەن ئەیوب زادە(مامۆستا گۆران) بە تەلەفون هەواڵی دامێ کە ڕێزدار ئامینەخانمی دایکی بەڕێزان حەسەن و حوسەینی یەزدان پەنا ــ کە خۆی لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگییە، بە تەلەفون پەیوەندی پێوە گرتووە و گوتوویەتی ڕۆژی شەهادەتی شەهیدانی سەقز هەمان ئەوڕۆژەیە کە عەلی بەگی یەکشەوە لە بۆکان شەهید کرا ــ واتە ١٣٢٥/١١/٢٥ کە دەکاتە ١٩٤٧/٢/١٤.

٢. ئینجا کاک حەسەنی قازی بە ئیمەیل ئاگاداری کردم کە پەیوەندی بە کوری یەک لە شەهیدەکانی سەقزەوە کردوە کە ئێستا لە دەرەوەی وولات دەژی و ناوبراو بە دڵنیاییەوە گوتوویەتی کە ڕۆژی ئیعدامەکانی سەقز ١٣٢٥/١٢/٢٥ واتە ١٩٤٧/٣/١٥ بووە.

٣. پاشان نامەیەکی کاک کەماڵ شکارچیم لە بۆکانەوە پێگەیشت کە تێیدا نووسرابوو ڕێکەوتی ئیعدامەکانی سەقز هەمان ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ واتە ١٩٤٧/٢/١٤ ە.

بەم پێیە، کێشەی ڕێکەوتی شەهادەتی ١١ قارەمانەکەی شاری سەقز هەر لە تاریکیدا مایەوە و دەبوایە چاوەڕوانی دەرکەوتنی بەڵگەی نوێتربم؛ بۆ نموونە، هیوای ئەوەم دەخواست کەسێک سەردانی خاکی پیرۆزی شەهیدەکانی سەقز بکات و بزانێت گەلۆ بە سەر کێلی کەسێکیانەوە نووسراوەیەک هەیە ئەو گرێ پووچکەیە بکاتەوە و پێمان بڵێ ڕێکەوتی بێ هەڵەی لەداردانیان کەی بووە، کە ئەوە لە دەسەلاتی منی دوورەوولاتدا نییە و دەبێ دڵسۆزانی گەل لە ناوخۆی وولات بیکەن و نەک هەر ئەوە بەڵکوو هەموو ساڵێک لە ساڵوەگەڕی شەهادەتیاندا بە تاک و کۆمەڵ بچنە سەردانی خاکی پیرۆزیان و کێلەکانیان ماچ بکەن ــ کارێک کە ئێمە نەمانکرد و هەڵەمان کرد!

نامەکەی کاک کەماڵ شکارچی، کە ڕێکەوتی نووسرانی بە سەرەوە نییە بەڵام لە مانگی چواری ساڵی ٢٠١٠ دا نووسراوە وبۆ من نێرراوە، گەلێک یارمەتیدەری مەسەلەکە بوو. بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە کاک کەماڵ کوڕی حەمەدەمین بەگی یەکشەوە وبرازای شەهید عەلی بەگی یەکشەوە(شێرزاد) ە و لە نامەکەدا زانیارییەکی زۆر و بەکەڵکی ئاراستەی مێژوو کردووە، من لێرەدا ناوەرۆکی هەموو بابەتەکانینامەکە، بە بێ دەست تێوەردان دەهێنمەوە و جارێکی دیکە سپاسی ئەو دۆستە لەمێژینە و هاوڕێی سەردەمی قوتابخانەی خۆم لە بۆکان دەکەم:

<u>یەکەم</u>، کاک کەماڵ دەنووسێت ئەوەی وا من شەهید ئەحمەدخانی فاروقیم بە *"سالاری سەدر" ناو بردبوو*، هەڵەیە و ئەو مەزن پیاوە بە *"سالاری قەیلەسوون"* ناسراو بووە.(١)

دووهەم، "شەهید ئەحمەدخانی فاررووقی، محەممەد خانی دانیشوەر و عەبدوڵڵا بەگی مەتین هەرسێکیان کوڕی خەلیل خان، کوڕی شێربەگ، کوری فەیزوڵڵا بەگ بوون."

سێهەم، "خەلیل خانی باوکی ئەحمەدخان، مامی باوکی کاک کەماڵ بووە، لەگەڵ قازی عەلی باوکی پێشەوا قازی محەممەد دا بە فەقێیەتی لە سنە خوێندوویانە. لە گەڕانەوەدا، پێکەوە چوون بۆ گوندی سلێمانکەندی نێوان سەقز و بۆکان کە مڵکی ئاغا شێربەگی باوکی خەلیل خان بووە. ئاغاشێربەگ دواتر،گەوهەرتاج خانمی کچی خۆی داوە بە قازی عەلی و پێشەوا قازی محەممەد و براکەی واتە شەهید ئەبولقاسمی سەدر، لەو دایک وبابەن و لەلای باوەگەورەیان - واتە لای ئاغاشێربەگ فێری داب ورەسمی عەشیرەیی بوون."

چوارەم، "ئەو شەهیدانەی وا لە ژمارە ١، ٢، ٣، ٤،٦ و ٨ ی وتارەکەی مندا ناویان براوە (٢)، هەموو لە لایەن کوڕەوە نەوەی ئاغاشێربەگن."

پێنجەم، "پێشەوا قازی محەممەد، ئەبولقاسمی سەدری قازی، و محەممەدحوسەین خانی سەیفی قازیش هەسێکیان لە لایەن کچەوە نەوەی ئاغا شێربەگن لە بەر ئەوەی دوای مێردکردنی گەوهەرتاج خانم بە قازی عەلی، کچێکی دیکەی ئاغا شێربەگ بەناوی زبێدەخانم مێرد بە میرزا ئەبولحەسەنی سەیفولقوزاتی قازی کرد و حەمەحوسەین خان کوڕی ئەو زبێدەخانمە و ئاغای سەیفە؛ ئاغای سەیفیش مامی پێشەوا بووە."

شەشەم، "بەم شێوەیە، ٩ کەس لە ١٩ شەهیدی لەسێدارەدراوی ڕۆژانی دوای هەرەسی کۆماری کوردستان، لەلایەن کوڕ یا کچەوە، نەوەی ئاغا شێربەگ بوون."

حەوتەم، "هەروەها شەهیدانی ڕەدیفی ٥ و ٧ ی لیستەکەی من، واتە عەلی خانی فاتیح و ئەحمەدخانی شەجیعی، برازای ئاغاشێربەگ بوون و لە ئەنجامدا، ١١ کەس لەو ١٥ شەهیدەی سەقز و مەهاباد و بۆکان، لە بنەچە و بنەماڵەی ئاغاشێربەگ و فەیزوڵلبەگییان بوون."

هەشتەم، "محەممەدخانی فەیزوڵلابەگی (قارەواچکۆلە)، کوڕی ئاغا بابەخان بەگە."

نۆهەم، "حەمەدەمین بەگی یەکشەوە (باوکی کاک کەماڵ شکارچی)، برا و هەروەها جێگر واتە موعاوینی شەهید عەلی بەگی یەکشەوە بووە."

دەیەم، "گوندی 'کەڵتەگە' لە پەنای گوندی تورکمانکەندی هەڵکەوتووە و سەر بە شار بۆکانە، نەک سەقز." (٣)

یازدەهەم، "هەموو شەهیدەکانی سەقز و بۆکان پێش شەهیدکرانیان لە ماڵی ڕەشیدەسوور لە بۆکان وەک 'دەست بەسەر' ڕاگیراون و زیندانی نەبوون. باوکی کاک کەماڵ [واتە حەمەدەمین بەگی یەکشەوە] چەندجار هەواڵی بۆ ناردون کە بە ئەسپ و چەکەوە بێت و لەوێ دەریانبهێنێت، بەڵام ئەو شەهیدە سەربەرزانە لەبەر ئەوەی هاوڕێیی پێشەوا و سوێند خۆر [ی کۆماری کوردستان] بوون قەبووڵیان نەکردوە." کاک کەماڵ سەبارەت بەو هەوڵی ڕزگارکردنەی دەستبەسەر کراوەکان دەنووسێت: "مامەعەلیم [عەلی بەگی یەکشەوە] هەر وەڵامی دەناردەوە و [بە باوکمی] دەگوت "مەیە، خۆ تۆ سوێندخۆر نیت، ئاگات لە ماڵ و منداڵەکانمان بێت"، باوکیشم بە پێی داب ونەریتی سەردەم قەبووڵی دەکرد."

ئەوە، خاڵێکی گرنگی مێژوویيە و ڕادەی وەفاداری شەهیدەکان بەو پەیمانە دەگەیێنێت کە لەگەڵ خەڵکدا بەستبوویان، هەروەها ڕوونکەرەوەی هەڵوێستی پێشەوا و سەیف و سەدریشە لە بەرانبەر پێشنیاری بارزانی نەمر، کە دەیویست لەبەندیان ڕزگار بکات، بەڵام شەهیدە سەربەرزەکانی مەهابادیش کە نەیاندەویست لەگەڵ خەڵکدا پەیمان شکێنی بکەن، بە ناچاری تەسلیمی چارەنووسی بەدەست عەجەم نووسراوی خۆیان بوون.

کاک کەماڵ لە درێژەی نامەکەیدا ئەم زانیارییانەشی پێداوین:

دوازدەهەم، "پاشان لە ڕۆژێکدا - کە ڕێکەوتەکەی نازانم، هەموویان جگە لە عەلی بەگ، بردە سەقز بەڵام هەموویان لە یەک شەودا واتە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ شەهید کرد."

سێزدەهەم، "باوکم [حەمەدەمین بەگی یەکشەوە] و مامە سەعیدم [سەعیدی هومایوون، خوشکەزای پێشەوا و نووسەری کتێبی 'پێشەوای ڕابوون']، "وەبەر عەفوی شاهانە کەوتن" و شەهید نەکران."

چواردەهەم، *"من ئەو زانیاری و هەواڵانەم لە باوکم و مامە کەریمم بیستووە کە ئەویش لە کاربەدەستان و هەڵسووراوانی کۆمار بوو."*
پازدەهەم، *"تەرمی شەهید ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی پاش گواستنەوە [لە سەقزەوە بۆ جەننەت دەرە؟]، هەمیسان ڕاگوێزراوە و براوەتە گوندی "میرەدێ."*
شازدەهەم، *"تەرمی شەهید عەلی ئاغای جەوانمەردی – کە برای ڕەسووڵ ئاغای ناوبراو بوو، براوەتەوە گوندی "تەمۆتە."*
حەڤدەهەم، *"شەهیدان شێخ سدیقی ئەسعەدی و شێخ ئەمینی کەس نەزان لە هەڤاڵەکانیان هەڵنەبراون و تەرمیان هەر لە گوندی "جەننەت دەرە" لەگەڵ شەهیدەکانی فەیزوڵڵابەگین."*
هەژدەهەم، *"شوێنی شەکانەوەی ئاڵای کوردستان لە گوندی یەکشەوە [لە ڕۆژی ١٣٢٤/١١/١٩]، ئێستا ماڵی کەسێکی خەڵکی گوندەکەیە بەناوی ڕەسووڵ."*
کاک کەماڵ لە کۆتایی نامەکەیدا نووسیویەتی:
*"گلەیی زۆرمان لە حزبە کوردییەکان هەیە کە ناوی ئەو شەهیدانە تەنیا وەک "هاوڕێیانی پێشەوا" دەبەن وەک ئەوەی کە ناویان نەبووبێت، بەڵام زۆرکەس لە کوردستان ئاگاداری کارەساتەکە هەن و ئەم ساڵیادە دوو سێ مانگ پاش هەرەسی کۆمار لە سەر کێلی قەبری عەلی بەگی شێرزاد نووسراوە. گۆڕی عەلی بەگ پاش دوو سێ جار گواستنەوە، ئێستا لە خانەقای بورهانە."* [ پێویست بە گوتنە کەتەرمی شەهید عەلی بەگ دوای ئیعدام لە بۆکان نێژرا و پاشان راگوێزرایەوە بۆ گوندەکەی خۆی – یەکشەوە، ئینجا برایە گوندی بۆرهان و لە گۆڕستانی خانەقای بورهان ئەسپاردەی خاک کرا].
سەبارەت بە مەرقەدی شەهیدەکانی سەقزیش کاک کەماڵ نووسیویەتی:
*" قەبری ٩ شەهیدەکەی سەقز لە گوندی "جەننەت دەرە" ("دۆزەخدەرە" ی پێشوو) ە و لەم ساڵانەی دواییدا بە یارمەتی بنەماڵە و لەژێر چاوەدێری من و کاک مەنسووری دانیشوەر – کوڕی شەهید حەمەدبەگی ئاڵکەلوو، دروست کراونەتەوە."* دەستی هەردوکیان بۆ ئەو خزمەتە پێویستە، خۆش بێت.
ئەوە سەرجەمی بابەتەکانی ناو نامەی "کاک کەماڵ شکارچی" بوو کە من بە بێ زیاد وکەم ڕامگەیاند.
لە ناو ئەو زانیارییانەدا، یەکیان دەست نیشان کردنی ڕۆژی شەهادەتی شەهیدانی سەقز بوو کە ناوبراو لەگەڵ ڕۆژی شەهیدکرانی عەلی بەگی یەکشەوەدا بە یەکی زانیبوو و هەردوکیانی بە <u>١٣٢٥/١١/٢٥ واتە ١٣٤٧/٢/١٥</u> دانابوو *(بڕوانە سەرەوەتر، خاڵی دوازدەهەم)*؛ هەروەها گوتبووی ڕێکەوتی شەهادەتی عەلی بەگی یەکشەوە لە سەر کێلی قەبرەکەی لە خانەقای بورهان نووسراوە. دیارە کاک کەماڵ بۆ ڕێکەوتی شەهادەتی شەهیدەکانی سەقز ئاماژەی بە بەڵگەیەکی ڕوون نەکردوە و ئێستا هیوای من ئەوەیە ئەو ڕێکەوتە لە سەر کێلی قەبری ٩ شەهیدەکەی جەننەت دەرەو دوو شەهیدی لە "میرەدێ" و "تەمۆتە" نێژراو نووسرابێت بۆ ئەوەی ئەم پرسیارە وەڵامی یەکجاریی پێ بدرێتەوە.

*****

جیا لە نامەکەی کاک کەماڵ دەمەوێت لێرەدا ئاماژەیەک بکەم بە هەندێک سەرچاوە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێکەوتی ئیعدامەکان:

١. ڕا و بۆچوونی نەمر سەعیدی هومایوون، خوشکەزا و بڕواپێکراوی پێشەوا لە پەیوەندی ئەم باسەدا دەتوانێت گەلێک گرنگ بێت و پشتی پێ ببەسترێت، بە تایبەت کە بیرەوەرییەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ وبڵاو کراونەتەوە. بەلام بە داخەوە ڕاست لەو شوێنەی کتێبەکەدا کە ڕێکەوتەکە دەست نیشان کراوە، هەڵەیەکی چاپ دەقی ڕستەکەی بەم شێوەیە شێواندووە:
*" <u>ڕۆژی ١٣٢٥/٢٥ ی هەتاوی/١٩٤٦ ی زایینی</u>، یازدەکەس لەم ئازادیخوازانە لە شاری سەقز و عەلی بەگی شێرزاد[لەبۆکان] لە سێدارە دران و شەهید بوون...."*
وەک دەبینین، ڕۆژی کارەساتەکە بە ٢٥ زانراوە و ساڵەکەشی بە ١٣٢٥، بەڵام ناو یا ژمارەی مانگەکە، نەنووسراوە. شێوەی ڕستە و دەربڕینەکە بە چەشنێکە کە وا دەگەیێنێت سەعیدخان گوتبێتی هەموویان هەر لە ڕۆژێکدا شەهید کراون. جا ئەگەر وابێت، بە گوێرەی ئەو ڕاستییەی کە هەمووان لەسەر ڕێکەوتی ٢٥ ی مانگی ١١ بۆ شەهید بوونی عەلی بەگی شێرزاد هاودەنگن، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە *سەعیدخانی هومایوون <u>ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥</u> ی بە ڕۆژی ئیعدامەکانی بۆکان و*

*سەقز زانیوە*. دیارە بەرانبەردانانی ساڵە زاینییەکە هەڵەی ئاشکرای تێدایە و دەبێ لە هەردوو حاڵەتدا بە ساڵی ١٩٤٧ بنووسرێت نەک ١٩٤٦، بەڵام ئەوە هەڵەی سەعیدخان نییە و هی ئامادەکار یا وەرگێڕی کتێبەکەیە و کەم تا زۆر دەورێک لە وەڵامی پرسیارەکەی ئێمەدا نابینێت. (لاپەڕە ١٤٨).(٤)

**٢**. کاک ئیرەج ناهید لە کتێبی *"نظری به خانواده عبدالرحمن بیگ مکری"* دا دەنووسێت:
*"لە پازدە کەس سەردارانی شەهیدی مەزنی کوردستان هەشت کەسیان نەوە و نەتیجەی ئاغا فەیزوڵڵابەگ بوون، کە شەوی ٢٥ ی بەهمەنی ١٣٢٥ حەوت کەسیان لە سەقز و یەکیان لە بەردەم حەوزەگەورەی بۆکان لە سێدارە دران."*
نووسەر ئینجا ناوی هەموو ١٢ شەهیدەکە دەنووسێت و لەبەرانبەر ناوی ئەحمەدخانی فاروقی، عەبدوڵڵاخانی مەتین، محەممەدخانی دانیشوەر، محەممەدخانی فەیزوڵڵابەگی، حەسەن خانی فەیزوڵڵابەگی وحەلی بەگی شیرزاد دا ئەم عیبارەتە زیاد دەکات: "لە بنەچەکی ئاغا شێربەگ بووە". بۆ عەلی خانی فاتیح دەنووسێت: "لە بنەچەکی حاجی محەممەدحەسەن بەگ"، بۆ ئەحمەدخانی شەجیعی دەنووسێت: "لە بنەچەکی ڕەشیدخانی شجیع السلطنه"، بۆ ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی و عەلی ئاغای جەوانمەردی دەنووسێت "لە عەشیرەتی گەورکی سەقز"، بۆ شێخ سدیقی ئەسعەدی دەنووسێت "لە شێخانی ئەسعەدی سەقز" و بۆ شێخ ئەمینی کەسنەزانی دەنووسێت: "لە شێخانی کەسنەزان". (لاپەڕە ٣٤ تا ٣٧).
لەپەیوەندی باسەکەی ئێمەدا، کاک ئیرەج ناهید ڕۆژی ٢٥ ی بەهمەن [ڕێبەندان] واتە ١٣٢٥/١١/٢٥ بۆ ئیعدامی "حەوت کەسی بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی لە سەقز و یەکیان لەبەردەم حەوزەگەورەی بۆکان" دیاری دەکات و دیارە ٤ کەسەکەی دیکەش هەر لەگەڵ ئەوان و لە یەک ڕۆژدا ئیعدام کراون. (٥)

**٣**. کاک بیهزاد خوشحالی لە کتێبی *"قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد"* دا، ڕۆژی ٣١ ی مارس بۆ شەهادەتی پێشەوا و سەیف و سەدر دەست نیشان دەکات کە ڕاست و بێ هەڵەیە، بەڵام لە دێڕێک دواتردا ڕۆژی ٧ ی ئاوریل بۆ ٤ شەهیدەکەی دیکەی مەهاباد (نەمران مازووجی، نەغەدەیی، ڕەوشەنفیکر، و نازمی) و عەلی بەگی یەکشەوە لە بۆکان و هەموو شەهیدەکانی سەقز پێکەوە دیاری دەکات، کە ئەو ڕێکەوتە تەنیا بۆ چوار شەهیدەکەی مەهاباد ڕاستە و بۆ ئەوانی بۆکان و سەقز بە ئاشکرا هەڵەیە. (لاپەڕە ٢٦٩)

**٤**. لە کتێبی *"نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەد و هاوڕێیانی"* نووسینی محەممەدڕەزا سەیفی قازی، وەرگێڕانی عەلی ئەکبەر مەجیدی (ناشر ؟، سلێمانی ٢٠٠٨) دا ئەم دێڕانە دەخوێنینەوە:
*"لە ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ ی هەتاوی (١٩٤٧/٢/١٤ ی زایینی) واتە دوو مانگ پێش لە سێدارەدانی قازییەکان، ڕژێمی پەهلەوی هەندێ کەسی بە هۆی هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی کۆماری کوردستان مەحکووم بە مەرگ کرد و لە سێدارەی دان. ئەو کەسانە ئەمانە بوون...."*. ( لاپەڕە ٧٧)
نووسەری کتێب پاشان لە ژمارە ١ ەوە تا ١٢ عەلی بەگی یەکشەوە و ١١ شەهیدەکەی سەقزی ناوبردوون. بەم پێیە، سەرچاوەی ناوبراویش ڕۆژی ٢٥ ی مانگی ١١ ی ١٣٢٥ ی بە ڕۆژی ئیعدامەکانی سەقز زانیوە.

**٥**. ئەندامێکی بەڕێزی بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی کە لە دەرەوەیووڵات دەژی، لە ڕێگەی کاک حەسەنی ئەییوبزادەوە پێی ڕاگەیاندم کە ڕێکەوتی شەهادەتی شەهیدەکانی سەقز ١٣٢٥/١٢/٢٦ [=١٩٤٧/٣/١٥] ە و ئاماژەی بە ووتارێکی نەمر عەبدولقادری دەبباغی (مامە قالە) کردبوو لە ژمارە ٧ ی گۆڤاری گزینگ چاپی سوئێد دا. من تکام لە برای بەڕێزم کاک سلێمان چیرە - سەرنووسەری گۆڤارەکە، کرد ووتارەکەم بۆ بنێرێت کە ئەویش بە میهرەبانییەوە بۆی ناردم و لێرەدا سپاسی زۆری دەکەم.
ووتارەکە لە ژێر ئەم عینوانەدا نووسراوە: ***"بۆ ڕێزگرتن لە یادی یارانی کۆماری کوردستان ١٩٤٦"*** و زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە سەردەمی کۆمار و پێش ئەو، بەتایبەت ڕووداوی ئیعدامەکانی

شاری سەقز تێدایە. نووسەر دەڵێ خۆی لە شەوی ئیعدامەکاندا لە گرتووخانەی سەقز و لە ژووری ئەحمەدخانی فاڕووقیدا بووە:
*"ساڵ بەرەو نەورۆزی١٣٢٦[١٩٤٧] دەچوو، دە ڕۆژێکی بۆ نەورۆز مابوو... هەشت زیندانی تازەیان [لە بۆکانەوە] هێنا کە ئەحمەدخانی سالار و براکان و خزمەکانی فەیزوڵلابەگی بوون.... تا شەوە شوومەکەی ١٣٢٥/١٢/٢٦ ی هەتاوی [١٩٤٧ ی زایینی]*، چوار ڕۆژی ماوە کە ئاگری *پیرۆزی نەورۆز لە هەموو سەربانەکانی سەقز مەشخەڵانی بچێتە کاکێشان، .... گزینگی بەیانە .... یازدە سێدارەی بێدادی حەمەڕەزاشا لە مەیداندا چەقیوە، تەرمی پاک و پیرۆزی یازدە ڕۆڵەی بلیمەت و قارەمانی کورد ... دەبینران و داگیرکەران سەیریان دەکرد."* (لاپەڕە ٤١)
بەم پێیە، مامۆستای نەمر عەبدولقادری دەبباغی، کە لەو شەوەدا لە زیندانی سەقز لەگەڵ شەهیدەکان بووە، بە ڕاشکاوی ڕێکەوتی ١٣٢٥/١٢/٢٦ [١٩٤٧/٢/٤] بۆ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دیاری دەکات. لە چەند شوێنی لاپەڕەکانی هەمان ووتاردا، سەرنووسەری گۆڤار چوار وێنەی لە پێنج شەهیدی سەقز چاپ کردوون و نووسیویەتی ئەو وێنانە، *"لە لایەن یەکێک لە برا ئازیزەکانی بنەماڵەی نیشتمانپەروەری فەیزوڵلابەگییەوە لە ئیختیاری گۆڤاری گزینگ نراون..."* لەژێر وێنەی شەهید ئەحمەدخانی خەلیل خان دا نووسراوە: *"... لە نیوەشەوی ١٩٤٧/٢/٤ دا، لەگەڵ دە هاوڕێی تری کە دوان لەوان عەبدوڵلا خانی مەتین و محەممەدخانی دانیشوەری برای بوون، بە دەستووری حەمەڕەزاشای پیاوکوژ و کوردکوژ لە قەنارە دران لە شاری سەقز."* (لاپەڕە ٤٠).هەروەها لەژێر وێنەی 'محەممەدخانی فەیزوڵلابەگی [قارەواچکۆلە] دا نووسراوە: *"... هاوڕێی سالار و براکانی، لە شەوی ١٩٤٧/٢/٤ لە شاری سەقز لە قەنارە درا."* (لاپەڕە ٤١). لە ژێر وێنەی هاوبەشی شەهیدان عەبدوڵلاخانی مەتین و محەممەدخانی دانیشوەریشدا نووسراوە: *"... لە نیوەشەوی ١٩٤٧/٢/٤ لەگەڵ براگەورەیان ئەحمەدخانی فاڕووقی (سالار) و دە (٤) هاوڕێی تریان لە سەقز بە دەستووری حەمەڕەزاشای پیاوکوژ لە سێدارە دران."* (لاپەڕە ٤٢).
لە پەیوەندی ئەو ڕێکەوتانەدا هەڵەیەک ڕووی داوە و ڕوونکردنەوەی گەلێک پێویستە. من نازانم گەلۆ بەرانبەر دۆزینەوەی ڕێکەوتی زایینی بۆ ڕێکەوتی ئێرانی، مامەقالە کردوویەتی یا لە لایەن گۆڤارەکەوە کراوە. هەر کەس و هەرچۆن، لە کارەکەدا هەڵەیەکی زەق ڕوویداوە: ٢٦ی مانگی ١٢ ی ئێرانی ناکاتە ٤ ی مانگی ٢ بەڵکوو دەکاتە ١٥ یا ١٦ ی مانگی ٣ (بە گوێرەی کەبیسە بوون یا نەبوونی ئەو ساڵە). بەم پێیە، ئەگەر لە کێشەی ٤ یا ١٥ ی مانگ چاویش بپۆشین، هێشتا یا:
**دووپات بوونەوەی ٤ ی مانگی ٢، ئەویش چوار جار لە ووتارەکەدا، بە هەڵە کراوە؛** یا:
**خود ئەو ڕێکەوتە زایینییانە ڕاستن و مانگی ٢ ش خۆیەتی، ئەودەم ٢٦ ی ١٢ هەڵەیە و دەبوایە ٢٦ ی ١١ بنووسرایە.**
بەداخەوە مامەقالە لە ناوماندا نەماوە پرسیاری مەسەلەکەی لێبکەین، بەڵام من لام وایە ئەو چوارجار نووسینەی ڕێکەوتی زایینیە ناکرێت هەمووی هەر هەڵە بن، کەوابوو هەڵەکە لە نووسینی مانگە ئێرانییەکەدا ڕووی داوە و لەجیاتی مانگی ١١ نووسراوە مانگی ١٢. جا بە کورتی، دەبێ یەک لەم دوو حاڵەتە ڕاست دەربچن:
١. ڕۆژی ١٣٢٥/١٢/٢٦ ڕاستە، بەڵام بەرانبەرە زایینییەکەی ١٩٤٧/٢/٤ هەڵەیە.
٢. ڕۆژی ١٣٢٥/١٢/٢٦ هەڵەیە و دەبێ ١٣٢٥/١١/٢٦ بێت بۆ ئەوەی بەرانبەرە زایینییەکەی بکاتە ٢/٤ /١٩٤٧. دەنا ١٢/٢٦ نابێتە ٢/٤ و دەبێتە ١٥ یا ١٩٤٧/٣/١٦.
تا ڕوون بوونەوەی ئەو کێشەیە، دەبێ لەبیرمان نەچێت کە نەمر مامەقالەی دەبباغی و ئەو ئەندامەی بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی کە وێنەکانی بۆ گزینگ ناردووە، لەگەڵ یەکتر لە سەر ئەو خاڵە کۆکن کە شەهیدکرانی ١١ شەهیدەکەی سەقز لە شەوی ١٣٢٥/١٢/٢٦دا ڕووی داوە.(٨)

لە ووتارەکەی مامەقالەدا هەندێک ووردەکاری و زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو بڕگە مێژووییەی کوردستان و ناوچەی سەقز هەن، کە زانینیان گەلێک بەکەڵکە و ناتوانم چاویان لێ بپۆشم. ئەوانەی خوارەوە هەڵبژاردەی هەواڵەکانی ناو ووتارەکەی مامۆستان:

**ئا.** "*لە ساڵی ١٣٢٢ [١٩٤٣] دا کۆمەڵەی ژێکاف لە مەهاباد دامەزرا و بە هۆی من [مامەقالە] وە لقی سەقزی لە بەهاری ١٣٢٢ [١٩٤٣] دا کردەوە.*"

**ب.** "*ئەحمەدخانی فاروقی (سالار)، عەلی بەگی شێرزاد (یەکشەوە) و ڕەحمانی هومایوون لە مەهاباد شەرەفی ئەندامیەتییان [لە کۆمەڵەی ژێکاف] دا وەرگرت.*"

**پ.** "*ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف لەسەر بڕیاری کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە چوونە ناو حزبی تازە دامەزراوی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە.*"

**ت.** "*'سەرگورد خاکسار'، کە کورد و خەڵکی شاری سنە و خزم و دۆستی بنەماڵەی ئەسعەدی سەقز بوو، نەخشی بەرچاوی هەبوو بۆ لەداوخستنی ئەو شەهیدانە.*"

**ج.** "*بەندە [واتە مامەقالە] ش وێڕای شەهیدان شێخ ئەمینی ئەسعەدی، عەلی ئاغای مەحموودی، و ڕەسووڵ ئاغای جەوانمەردی، هەروەها سید کامیلی ئیمامی [ئاوات] و عەبەگۆڵەی قەسساب و ئەلی مەهدی ئیلامی و دەیان کەسی دیکە لە گرتووخانەی سەقز گیرابووین.*"

**چ.** "*ستادی [ئەرتەش لە سەقز] ئەو وەختە، دەروازەی حەوشەکەی لە خیابانی ساحیلی ئێستا و لە ماڵێ ئاغای عیرفان دا بوو.*"

**ح.** "*دە ڕۆژێکی بۆ نەورۆزی ١٣٢٥ مابوو، کە هەشت زیندانیی تازەیان هێنا و ئەوانە، ئەحمەدخانی سالار و براکانی و خزمەکانی فەیزوڵلابەگی بوون.*"

**خ.** "*ئەوان نەقڵی گیران و فریوخواردن و 'حەڵاڵزادەیی' سەرگورد خاکساریان دەگێڕایەوە.*"

**د.** " [لە شەوی ئیعدامەکەدا]، *شێخ ئەمینی ئەسعەدی، عەلی ئاغا و ڕەسووڵ ئاغایان بە بیانووی سەفەر لە ئێمە جیاکردەوە و چوونە هۆدەی سالار و ئەوان.*"

**ر.** "*بەهەشتی حاجی مەلا غەفووری ئیمام جومعەی سەقز و گرو هبان حوسەینی مورادی سنەیی – کە بەڕاستی کورد و بەشەڕەف بوو، لە حەوشی زیندان وەسەرکەوتن. زانیمان کار تەواوە و ئیمام جومعەیان بۆ وەسیەت کردن هێناوە.*"

**ز.** "*دادگا دەستی بەکار کردبوو. سەرگورد زەرغام سەرۆکی دادگا و فەرماندەی [پادگان]ی سەقز – کە سالاری زۆر خۆش دەویست، مەستی مەست بوو.*"

**ژ.** "*لە پێشدا ئەحمەدخانی سالاریان بردە دادگا. زۆری نەخایاند هاتە خوارێ. دەنگی بەرز کردەوە و بانگی کردین و فەرمووی: "من ئیعدام دەکرێم؛ ئێمە بووینە قوربانیی کوردستان؛ ڕۆژێک کەڵەشێریی هەزار ساڵی مریشکی دێنێ!" دەنگی سامناک بوو. وابزانم هاوسێ ماڵەکانی دەوروبەر بەگشتی وەخەبەر هاتبن. دەرەجەدارێک و دە سەرباز دەورەیان گرت. لە دەروازەوە بۆ خیابان و لەوێوە بۆ مەیدانی ئیعدام.*"

**س.** "*دوای براگەورە، عەبدوڵلاخانی مەتین بانگ کرا. وەک شێر دەینرکاند. لەوەی کە بەقسەیان نەکرد و نەڕۆیشتنە گەرمێن، تووڕە بوو؛ جنێوی بە حەمەڕەزاشا و دەزگا دەدا. دەنگی بژی کوردستان و بژی پێشەوا حەوش و حەساری ساحیلی داگرت.*"

**ش.** "*ئەمجارە، نۆرەی محەممەدخانی دانیشوەر – کە ئەدیب و ئەدەبدۆست و جوانچاک و بێباک بوو، هات. دەستی کرد بە دروشمدان و ئەو شیعرە فارسییەی خوێندەوە:*

منصوروار گر ببرندم بەپای دار مردانە میروم، کە جهان پایدار نیست."

**ع.** "*گوڕەی پڵینگانەی ڕۆڵەی خۆشەویستی سەقز – ئاغای ئەسعەدی، ماڵی براکانی و خزمانی وەخەبەر هێنابوو.*"

**غ.** "*زێڕوەشان خانم [ی دایکی سێ برای شەهید] و ژنەکانی هەرسێ برا، بە دەپازدە کوڕوکچی سەغیرەوە بۆ چاوپێکەوتنیان هاتبوونە شار، کەچی تووشی ئەو مەرگەساتە دڵتەزێنە بوون.*"

*******

دوای ئەو زانیارییە گرنگانەی نەمر مامەقالە و کاک کەماڵی شکارچی، و دوای هەموو ئەو پشکنین و پرس وجۆ و نووسین و خوێندنەوانە، تەنیا شتێکی ڕوون و بێگومان بۆ من ئەوە بوو کە ئیعدامەکانی

شاری سەقز لە ١٣٢٥/١١/٢٦ یا لە ١٣٢٥/١٢/٢٦ [١٩٤٧/٢/١٤ یا ١٩٤٧/٣/١٥ ی زایینی] دا بەرێوەچوون، **بەڵام کامیان؟** ئەوە هێشتا یەکلایی نەبووەوە و پێویستی بە بەڵگەی نوێ و زانیاری نوێ هەبوو.

لێرەدا، برادەرێکی خۆشەویستم لە بۆکانەوە کۆپی ٣ لاپەڕە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو حاجی حەکیم نیلووفەڕی بۆ ناردم کە ڕێزدار عومەری فارووقی لەم دواییانەدا چاپی کردووە و من هێشتا چاوم بە سەرجەمی کتێبەکە نەکەوتووە. کتێبەکە بە فارسی نووسراوە و نووسەر لە بەشی "پایندە باد قانون" لاپەڕە ١٢٣ دا هەواڵێکی بێ گرێ وگۆڵێ مەسەلەکەمان دەداتێ و دەنووسێت:

*" هەرگیز ماندوویی و هەوڵی چەندساڵە لە لەشم دەرنەچووبوو و هەمیشە لە نارەحەتیدا بووم، بە تایبەت [بەهۆی] کوشتاری بەکۆمەڵی دۆستان و هاوشارییەکانم لە بەیانی ڕۆژی بیست و پێنجەمی مانگی بەهمەنی ساڵی یەک هەزار و سێسەد و بیست وپێنجی هەتاوی. کاتێ کە بۆ نوێژی بەیانی لەخەو هەستام، یازدە کەس لە کوردانی نیشتمانپەروەری ئەم خاکە پیرۆز و کانگەی ئاڵتوونەم لە زەوینی باشگای ئەفسەران بەرانبەر بە شەهرداری بینی..."* (٩)

نەمر نیلووفەڕی ئینجا ناوی هەر یازدە شەهیدەکەی لەگەڵ ناوی باوک و پەیوەندی برایەتی و خزمایەتی هەموویان هێناوە. (٩) دیارە مانگی "بەهمەن" ی ئێرانی، هەمان "ڕێبەندان" ی کوردییە و بە حیسابی ژمارەی مانگەکان، دەکاتە مانگی ٢.

**بۆچوونی نیهایی:**

دوای ئەو بەڵگە متمانە پێکراوەی حاجی حەکیمی نیلووفەڕی، من هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە شەهادەتی شەهیدانی سەقز لە هەمان ڕۆژی **١٣٢٥/١١/٢٥ واتە ١٩٤٧/٢/١٤** دا بووە کە شەهید عەلی بەگی یەکشەوەش لە هەمان ڕۆژ دا لە بۆکان لە قەنارە دراوە.

ئەم بۆچوونە لاقی لە سەر ئەو مەنتیقە بەندە کە زوربەی ئەو ١٢ شەهیدانە لە بۆکان گیراون و پاشان جگە لە عەلی بەگی یەکشەوە، ئەوانیتر لە ڕۆژێکدا براونەتە سەقز و قەراری ئیعدام کردنیان لە لایەن دام و دەزگای سوپایی ئێران و بە ڕەزامەندی تاران و شەخسی محەممەدڕەزاشای پەهلەوی، دەرچووە. جا لەبەر ئەو ڕاستییەی کە بۆکان زیندان و پادگانێکی گەورەی سوپایی لێنەبووە و وەک بەشێک لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی کۆماری کوردستان هێشتا وەک شوێنێکی بە متمانە بۆ کارەساتێکی گەورەی وەک ئیعدامی ١٢ کەس گونجاو نەبووە، ١١ کەسیان بردوونەتە زیندانی سەقز و لەوێ لە باشگا (نادی) ئەفسەران شەهیدیان کردوون. لەم کارەشدا، نابی یەکیان ئەمڕۆ لەدار دابێت و ئەوانیتریان مانگێکی ڕەبەق دوای ئەو. واتە قەراری ئیعدام بۆ هەموویان پێکەوە دەرچووە و بەم پێیە دەبێ پێکەوەش بەڕێوەیان بردبێت. جا ئەگەر ڕێکەوتی شەهادەتی عەلی بەگی یەکشەوە ٢٥ ی مانگی ڕێبەندان (بەهمەن) بووبێت، زۆر واهەیە ١١ شەهیدەکەی دیکەش هەر لەو ڕۆژەدا لەدار درابێتن.

بەڵام بۆچی مامۆستا عەبدولقادری دەباغی (مامە قالە) بە ٢٥ ی ڕەشەمە (ئیسفەند) واتە مانگێک دواتر و نزیک نەورۆزی نووسیون، من لام وایە کاتی نووسرانی بابەتەکەی مامەقالە (١٩٩٥) لایکەم ٤٨ ساڵ دوای ڕووداوەکە بووە و مامۆستا تەنیا پاڵپشتی بۆ نووسینی ووتارەکە، بیرەوەریی خۆی بوو و ئەوەش هەرگیز ناکرێت دوای ماوەیەکی ٤٨ ساڵە بە ووردی و بەگوێرەی ڕۆژ و مانگ ڕاست و بێ هەڵە بێت. بەتایبەت کە بابەتەکەی مامۆستا چەشنێک خەیاڵی هونەریی تێدا شاراوەیە و گەرچی خۆی دەڵێت *"نە چیرۆکە و نە ڕۆمان، نە ئەفسانەیە و نە داستان"* ، بەڵام شێوازی حەماسی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و شانۆی شەوی کارەساتەکە و حاڵەتی ڕۆحیی خۆی و هاوبەندییەکانی و ئاگرکردنەوە و کتری چایی وەسەرنان و...، بەسەر یەکەوە ڕەنگی بابەتێکی پڕ هەست و نەست و خەیاڵاوی پێدەدات و هەروەها پەیوەندی پێدانی مەسەلەکە بە *"مەشخەلانی ئاگری نەورۆزی کورد"* و بابەتی دیکەی لەو چەشنە، دەیخاتە خانەی "چیرۆک نووسینی مێژوویی" وە نەک مێژوو نووسینی ڕەق وتەق. لە بەر هەمێکی ئەوتۆدا، واهەیە ئەو وورد بینی و دیققەت ومووقەڵێشییە لەکاردا نەبێت کە ئێمە بۆ ئەم کێشە تایبەتە پێویستمان پێیەتی.

بیرەوەرییەکانی حاجی حەکیمی نیلووفەڕی، بە پێچەوانە، لە بارودۆخێکی ئاساییتردا نووسراون. نووسەر نە کەسایەتییەکی سیاسی و نە وەک مامەقالە پێشمەرگەی سەر چیا بووە ماڵی بەکۆڵیەوە بێت

و له ترسی تۆپ بارانی ئێران لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ و لەم ئەشکەوت بۆ ئەو ئەشکەوت بگوێزێتەوە، واتە توانیویەتی بیرەوەرییەکانی لە کاتی خۆیدا بنووسێت و بە بێ ترس ولەرز بیپارێزێت.
کەوابوو، من هەواڵی نەمر حاجی حەکیمی نیلووفەڕی لەمەڕ ڕێکەوتی ڕووداوەکە بە ڕاست دەزانم و تا کاتێک کە سەرچاوەیەکی بە متمانەی تر دژ بەو هەواڵە دەرنەکەوێت، **ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ واتە ١٩٤٧/٢/١٤ بە ڕۆژی شەهادەتی شەهیدانی سەقز وبۆکان دەزانم.**

یادی یازدە شەهیدی سەربەرزی شاری سەقز و
شەهیدەکانی دیکەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و بۆکان پیرۆز بێت**!**

٢٠١٠/٥/٢٥

---

**پەراویزەکان:**

١) من دوای ئەو ڕوونکردنەوەیەی کاک کەماڵ، ناسناوی شەهید 'ئەحمەدخان' م لە بەشی یەکەمی وتارەکەدا، گۆڕی و لە جیاتی *"سالاری سەدر"* ، کردمە *"سالاری قەبلەسوون"* .
٢) واتە، شەهیدان: عەلی بەگی شێرزاد (یەکشەوە)، ئەحمەدخانی فاڕوقی، محەمەد خانی دانیشوەر ، عەبدوڵا خانی مەتین، مەحەمەد خانی فەیزوڵا بەگی، حەسەنخانی فەیزوڵابەگی.
٣. ئەو هەڵەیەم لە بەشی یەکەمی وتارەکەدا ساغ کردەوە.
*٤ . "پێشەوای ڕابوون – بیرەوەرییەکانی سەعید هومایوون*" ئامادەکردنی هاشم سەلیمی، وەرگێڕانی ڕەسووڵ سوڵتانی، چاپی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٧**.**
*٥ .* ئیرەج ناهید، *"نظری به خانواده عبدالرعمن بیگ مکری"* ناشر؟، ساڵ؟، شوێن؟
٦. بیهزاد خوشحالی، *"قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد"*، ناشر؟، همدان ١٣٨٠[٢٠٠٠]
٧. محەممەدڕەزا سەیفی قازی، *"نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەد و هاوڕێیانی - بەڵگەنامەکان"* وەرگێڕانی عەلی ئەکبەر مەجیدی، ناشر ؟، سلێمانی ٢٠٠٨.
٨. گۆڤاری "گزینگ"، ژمارە ٧، چاپی سوئێد، بەهاری ١٣٧٤ (١٩٩٥).
٩. حاجی حکیم نیلوفڕی، *"زندەباد مشروطە، پایندەباد قانون- خاطرات حاجی حەکیم نیلوفری"* ، بە کوشش عمر فاروقی، انتشارات گوتار، سقز ١٣٨٨ [٢٠٠٩]، صفحه ١٢٣.

# ڕێکەوتی شەهادەتی
# شەهیدانی کۆماری کوردستان
# ( ٦- ١٣٢٥ / ٧- ١٩٤٦ )

(لێکۆڵینەوەیەک)

ئەنوەر سوڵتانی

بەشی ٣
٣٠– ٥ – ٢٠١٠

**دوای بڵاوبوونەوەی بەشی دووهەمی ئەم وتارە، ڕێزدار کەماڵ شکارچی نامەیەکی دیکەی بۆناردم کە ڕێکەوتی ١٣٨٩/٣/٦ واتە ٢٠١٠/٥/٢٧ ی بە سەرەوەیە. لە نامەکەدا هەندێک ڕوونکردنەوەی تازە دەبینرێت، کە کێشەی ڕێکەوتی شەهادەتی ١١ شەهیدەکەی سەقز بە تەواوەتی یەکلایی دەکەنەوە و منیش لێرەدا، بە ڕاگەیاندنی ئەو زانیارییانە، کۆتایی بە کارەکەم دەهێنم:**

**١. کاک کەماڵ لەگەڵ نامەکەیدا کۆپی چەند لاپەرەی دەقی فارسی بیرەوەرییەکانی نەمر سەعیدی هومایوونی بۆ ناردووم. من پێشتر وەرگێڕاوی کوردی ئەو کتێبەم لەبەردەستدابوو و لە بەشی دووهەمی ووتارەکەدا باسم کردبوو و گوتبووم:**

"....بەلام بە داخەوە ڕاست لەو شوێنەی کتێبەکەدا کە ڕێکەوت [ی ئیعدامەکانی سەقز] دەست نیشان کراوە، هەڵەیەکی چاپ دەقی ڕستەکەی بەم شێوەیە شێواندووە:

*" __ڕۆژی ١٣٢٥/٢٥ ی هەتاوی/١٩٤٦ی زایینی،__ یازدەکەس لەم ئازادیخوازانە لە شاری سەقز و عەلی بەگی شێرزاد[لەبۆکان] لە سێدارە دران و شەهید بوون...."*

وەک دەبینین، ڕۆژی کارەساتەکە بە ٢٥ زانراوە و ساڵەکەشی بە ١٣٢٥، بەڵام ناو یا ژمارەی مانگەکە، نەنووسراوە....."

**بەختەوەرانە، لە لاپەرە ١٠٩ ی دەقی فارسی کتێبەکەدا، کە بە ناوی "پیشوای بیداری"یەوە بڵاوکراوەتەوە (١)، ئەو هەڵەیەی دەقە کوردییەکە نابینرێت و تێیدا بەڕوونی نووسراوە:**

*"... در روز ١٣٢٥/١١/٢٥ -١٩٤٦ یازده نفر از آزادیخواهان در شهرستان سقز و علی بیگ شیرزاد در شهر بوکان به درجه رفیع شهادت نائل و بدار آویخته شدند...."* **(ص. ١٠٩)**

**واتە:**

*"... لە ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ – ١٩٤٦ دا یازدەکەس لە ئازادیخوازان لە شاری سەقز و عەلی بەگی شێرزادیش لە شاری بۆکان گەیشتنە پلەی بەرزی شەهادەت ولە قەنارە دران..."* **(ل. ١٠٩)**

**بەڵام لێرەشدا هەر هەڵەیەک ڕووی داوە کە بەدڵنیایی هی نووسەر و خاوەن بیرەوەرییەکە نییە و دەبێ هی ئامادەکاری بەڕێزی کتێبەکە بێت، ئەویش بەرانبەردانانی ساڵێ زایینییە لەگەڵ ئەو ڕێکەوتە هەتاوییە. بۆ زانیاریی خوێنەر دەبێ بڵێم، لە سێ مانگی زستاندا کە ساڵێ زایینی نوێ بووبێتەوە و ساڵی کوردی و ئێرانی هێشتا نوێ نەبووبێتنەوە، نەک ٦٢١ بەڵکوو ٦٢٢ ساڵ لە ساڵەهەتاوییەکە زیاد بکرێت بۆ ئەوەی ببێت بە ساڵی زایینی – ڕاستییەک کە لە کتێبەکەدا نەگیراوەتە بەرچاو و لە ئەنجامدا ئەو هەڵەیە ڕووی داوە و لە جیاتی ساڵی ١٩٤٧ ساڵی ١٩٤٦ نووسراوە. کە وابوو، مانگی ١١ ی ساڵی ١٣٢٥ ی هەتاوی بەرانبەر دەبێت لەگەڵ دوو مانگی ساڵی ١٩٤٧ نەک ١٩٤٦ و ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ ی هەتاویش دەکاتە ١٣٤٧/٢/١٤. گەرچی ئەوە دەورێکی سەرەکی لە کارەکەی ئێمەدا نابینێت.**

**هەرچۆنێک بێت، بە بوونی ئەو سەرچاوە گرنگە و ڕاگەیاندنی ڕاشکاوی نەمر سەعیدی هومایوون، هەروەها بە گوێرەی نووسینی خوالێخۆشبوو حاجی حەکیم نیلووفەڕی – کە لە بەشی دووهەمی ووتارەکەدا باسم لێوەکرد، ئیتر هیچ گومانێک نامێنێت کە ڕۆژی ۱۳۲۵/۱۱/۲۵ واتە ۱۹٤۷/۲/۱٤ ڕۆژی شەهادەتی شەهیدانی سەقز وبۆکان پێکەوەیە و لێرەدا ئەرکی من لەمەڕ دیاری کردن و یەکلایی کردنەوەی ئەو ڕێکەوتە پڕ لە مەزڵوومییەتەی مێژووی گەلەکەمان تەواو دەبێت.**

******

**دوانامەی کاک کەماڵ شکارچی هەندێک زانیاریی دیکەشی گرتۆتە خۆ، کە بە پێویستی دەزانم لێرەدا بۆ خوێنەرانی ئەم ووتارەشی ڕاگوێزم:**

١. *"نەمر سەعیدی هومایوون کوڕی عەبولڕەحمان بەگی هومایوون، هەمان ئەو "ڕەحمانی هومایوون" ەیە کە لە ووتارەکەی مامەقالەدا (بەشی دووهەم)، باسی کرابوو. سەعیدی هومایوون زاوای پێشەوا قازی محەممەد، واتە مێردی خەدیجە خانمی خوشکی گەورەی پێشەوا بوو. خەدیجە خانم دوای شەهیدکرانی پێشەوا تا دوایین ڕۆژی ژیانی، ڕەشپۆش مایەوە."* یادی بەخێر بێت!

٢. *"عەبدولڕەحمان بەگ برای بچووکی شەهید عەلی بەگی شێرزاد و برای گەورەی حەمەدەمین بەگی شکارچی - باوکی کاک کەماڵ و ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوو.بەم پێیە، سەعیدی هومایوونی کوڕی عەبدولڕەحمان بەگ و ئامۆزای کاک کەماڵ بوو نەک مامی."*

٣. *"لە دەقی فارسی کتێبی "پیشوای بیداری" سەعیدی هومایوون (ل. ۱۱۰) دا سەبارەت بە ناوی شەهیدەکانی فەیزوڵڵابەگی هەڵە ڕووی داوە. ڕاستەقینەی ئەم ناوانە بریتێیە لە: ئەحمەدخانی فاڕووقی، عەبدوڵڵاخانی مەتین، محەممەدخانی دانیشوەر، حەسەن خانی فەیزوڵڵابەگی (کانی نیاز)، محەممەدخانی فەیزوڵڵابەگی (قارەوا چکۆلە)، عەلی خانی فاتیح (قەڵەندەر)، و ئەحمەدخانی شەجیعی (کەڵتەگە)."*

٤. *"عەلی خانی فاتیح و ئەحمەدخانی شەجیعی ئامۆزای شەهیدەکانی تر بوون."*

٥. *"دوو کوڕی شەهید محەممەدخانی ئەڵکەلوو ئێستا لە دەرەوەی وولات دەژین."*

**لێرەدا کۆتایی بە وتارەکە دەهێنم و بەوپەڕی ڕێزەوە بۆ هەموو ئەوکەسانەی وا یارمەتی ڕوونکردنەوەی ڕێکەوتی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەیان دا، تکا دەکەم هەرکەس ساغکردنەوە، یا زیادکراوێکی سەبارەت بەم بابەتە هەبێت بە شێوەی سەربەخۆ بڵاوی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم وتارە ئیتر کۆتایی پێ دێت.**

**با هەر لێرەدا تکایەکیش لە نووسەران و خەڵکانی دەست بەقەڵەمی گەلەکەمان بکەم: سەبارەت بە چوار شەهیدەکەی مەهاباد، واتە نەمران حامید مازووجی، ڕەسووڵ نەغەدەیی، عەبدوڵڵا ڕەوشەن فیکر و محەممەد نازمی، هەروەها شەهیدی سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆمار محەممەد نانەوازادە، بابەتێکی کەم نووسراوە و چۆنیەتی ژیان و ئەرک وکار و چۆنیەتی شەهادەتیان بۆ هەموو لایەک ڕوون نییە(٢). ئەرکی پێویستی سەرشانی هەمووولایەکمانە ژیننامەی تێروتەسەڵ و شایانی پلەی مەزنی ئەو قارەمانانەی ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد بنووسین و نەهێڵین لە تۆزوخۆڵی مێژوودا وون بن و پەراوێز بکرێن.**

**یادی هەموو ئازادیخوازانی گیان بەختکردووی کورد پیرۆز بێت!**

---

١. سعید همایون، *"پیشوای بیداری – خاطرات سعید همایون"*، بە کوشش هاشم سلیمی، انستیتوی فرهنگی کردستان، چاپ اول، موسسە چاپ و نشر ئاراس، اربیل ٢٠٠٤

٢. گەرچی دڵنیام کە ژیننامە و هەواڵی کار وخەبات و چۆنیەتی ئیعدامی ئەو شەهیدانە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران و هەندێک سەرچاوەی دیکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

# ڕێکەوتی شەهادەتی
# شەهیدانی کۆماری کوردستان
# ( ٦- ١٣٢٥ / ٧- ١٩٤٦ )

(لێکۆڵینەوەیەک)

ئەنوەر سوڵتانی

**بەشی ٤ (پاشکۆ)**
**٩ـ ٦ ـ ٢٠١٠**

دوای بڵاوبوونەوەی سێ بەش و کۆتایی پێ هاتنی ئەم ووتارە ، ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٠/٦/٧ مامۆستایەکی بەڕێزی سەر بە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی کە دانێشتووی ئەوروپایە و پسپۆڕ و شارەزای بواری ئەدەب وفەلسەفەیە، تەلەفونی بۆکردم و ئەم زانیارییانەی پێدام کە بەهۆی گرنگایەتییانەوە بە پێویستی دەزانم لە کۆتایی ووتارەکەدا ڕایانبگەیێنم.
ئەو برا بەڕێزە، کە نایەوێت ناوی ڕابگەیێنرێت، ئاماژەی بە دوو یادداشتی کورت دا کە لەلای ئەو پارێزراون و گوتی:
*"یادداشتەکان دوو کەسی بەساڵاچووی هۆزی فەیزوڵڵابەگی نووسیویانن – من بە نەریتی فەیزوڵڵابەگییەکان بە 'مام' ی خۆم ناوم دەبردن و بە داخەوە ئێستا هیچکامێکیان لە ژیاندا نەماون. ئەو دوو مامەم بەچاوی سەر ڕووداوی ئیعدامەکانیان بینیوە و ئەو یادداشتە کورتانەیان لە ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی [١٩٧٩ ی زایینی]دا لە وەڵامی من سەبارەت بە ڕێکەوتی ئیعدامەکانی سەقز نووسیوە."*
یادداشتەکان، گەلێک کورتن و و بەم شێوەیەی خوارەوە بە فارسی نووسراون:
**<u>یادداشتی یەکەم:</u>**
**٢٥/١١/١٥ شب چهارشنبه مصادف با جشن مولود.**
واتە:
لە ٢٥/١١/١٥[١٣] دا، [کە دەکاتە ١٩٤٧/٢/٤] [و] شەوی چوارشەممە، ڕێکەوتی جەژنی مەولوود بوو، [ئەو کەسانە شەهید کران].
**<u>یادداشتی دووهەم:</u>**
**مرحوم علی خان فاتح روز ١٦ بهمن ٢٥ در شهرستان سقز به دار زده شد.**
واتە:
خوالێخۆشبوو عەلی خانی فاتیح لە ڕۆژی ١٦ ی مانگی ١١ی ساڵی ٢٥[١٣]ی هەتاوی] [کە دەکاتە ١٩٤٧/٢/٥]، لە شاری سەقز لەدار درا.
بەگوێرەی ئەو دوو ڕاگەیاندنە، ١١ شەهیدەکەی سەقز ١٠ ڕۆژ پێش شەهیدبوونی عەلی بەگی شێرزاد لە بۆکان لە سیدارە دراون. جیاوازی نێوان ١٥ و ١٦ ی مانگی ١١ ش بەم شێوەیە واتا دەکرێتەوە کە ئیعدامەکان شەو درەنگانی ڕۆژی <u>١٣٢٥/١١/١٥</u> بەڕێوە براون و دوای نیوەشەو وبەرەبەیانی هەمان شەویش لە ڕاستیدا بە ڕێکەوتی ڕۆژی دواتر واتە ١٣٢٥/١١/١٦ لەقەڵەم دەدرێت. کەوابوو، ڕووداوەکە لە شەوی ١٥ لەسەر ١٦ ی مانگی ١١ دا ڕووی داوە و نووسەری هەردوو یادداشتەکان لە نووسینی ١٥ یا ١٦ دا ڕاست بوون وهەڵەیان نەکردووە. بەکورتی، شەوی ١٥ و بەرەبەیانی ١٦ ی مانگ هەردوکیان هەر یەک شەون.
دیارە ئاماژە بە جەژنی مەولوودی ئەو ساڵەش خاڵێکی گرنگە و بە چەشنێک ڕوونکەرەوەی ڕێکەوتی ئیعدامەکانە، منیش نەدەکرا بیخەمە پشت گوێ و حیسابی بۆ نەکەم. جا کەوتمە پشکنینی ڕۆژژمێری بەراوردکاریی مانگە کۆچییە 'قەمەری'یەکان لەگەڵ مانگ و ڕۆژی زایینی. جەژنی مەولوود یا

جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام بۆ موسوڵمانانی سوننە – کە نووسەری ئەم ووتارە و هەموو دانیشتووانی شاری سەقز و دەوروبەریشی سوننین، ڕۆژی ١٢ ی مانگی ربیع الاولی یە. بەگوێرەی '*تەقویمی تطبیقی ساڵی میلادی و زایینی*' (١)، سەرەتای مانگی ربیع الاولی ی ساڵی١٣٣٦ ی مانگی، کەوتوتە ڕۆژی هەینی ١٩٤٧/١/٢٤ ی زایینی. بەهۆی ئەو ڕاستییەشەوە کە مانگی یەکەمی زایینی (ژانویە) ٣١ ڕۆژە، ١٢ ی ربیع الاولی ی ساڵی ١٣٣٦ بەرانبەر بووە لەگەڵ ١٩٤٧/٢/٤. جا ئەگەر بێین و ١٩٤٧/٢/٤ وەربگێرینە سەر ڕۆژژمێری هەتاویی ئێرانی، دەبینین ڕاست دەکاتە ڕۆژی ١٣٢٥/١١/١٥.(٢)

سەبارەت بە ڕۆژانی هەفتەش دەبێ بڵێم یادداشتی یەکەم دەست نیشانی *شەوی چوارشەممە* وەک شەوی جەژنی مەولوودی ئەو ساڵە وشەوی ئیعدامەکان دەکات. ئەگەر هەواڵی ناو یادداشتەکە بە هەند وەربگرین، لە بەراوردکاریی ڕۆژی ١٩٤٧/١/٢٤ وەک سەرەتای مانگی ربیع الاولی ی ئەو ساڵە دا دەبینین کە ڕۆژی هەینی بووە. ئینجا ١٢ ی مانگی ربیع الاولی دەکاتە سێ شەممە.(٣) بەم حیسابەش هەر ڕۆژی ١٢ ی ربیع الاولی لە یادداشتی یەکەم نزیکە و دەکرێت بڵێین *شەوی سێ شەممە لەسەر چوارشەممە* بووە.

بە کورتی، ڕاگەیاندنی ئەو برادەرە بەڕێزە، شتێکی بەڵگەدارە و خۆیشی کەسایەتییەکی ڕاست و ووردبین و لە کاروباری زانستیدا مووقەڵێشە و من هیچ هۆکارێکم بەدەستەوە نییە بەرپەرچی قسەکانی بدەمەوە. تاقە شتێک کە هەیە و دەمێنێت ئەو ڕاستییەیە کە دەقی بیرەوەرییەکانی نەمران سەعیدی هومایوون و حاجی حەکیمی نیلووفەری - کە لە بەشی ٢ و ٣ ی ئەم ووتارەدا باسیان لێوەکرا، هەردوکیان ڕۆژی ١٣٢٥/١١/٢٥ بە ڕۆژی شەهادەتی شەهیدەکانی سەقز ڕادەگەیێنن و ئەوەش دڕدۆنگی کردووم. لەلایەکەوە باوەڕی تەواوم بە قسە و بەڵگەکانی ئەو برادەرە فەیزوڵڵابەگییەم هەیە و لە لایەکیترەوە ناتوانم بە هاسانی بەرپەرچی بۆچوونی سەعیدخانی هومایوون و حاجی حەکیمی نیلووفەریش بدەمەوە.

هەرچۆنێک بێت، تا ئێستا ئاڵقەی زانیاریمان لەمەڕ ڕووداوەکان تەواو بەرتەنگ بۆتەوە و بەیارمەتی هەمووولایەک توانیومانە لە ڕێکەوتی ڕاستەقینەی ئیعداکانی سەقز نزیک ببینەوە: <u>کێشەکە ئێستا ١٠ ڕۆژی نێوان ١٥ و ٢٥ ی مانگی ١١ ی ساڵی ١٣٢٥ ی ئێرانی، [٤ و ١٤ ی مانگی ٢ ی ١٩٤٧ی زایینی] یە و هیچیتر!</u>

******

خوێنەری بەڕێز! وەک دەبینن ئەم چەشنە ڕاگەیاندن و بەڵگەهێنانەوە و بۆچوونانە دەیژەیان هەیە و ئاشکرایە ئەم ووتارەی ئێستا توانای تاووتوێ کردنی هەموویانی نییە. جا ئەگەر لێرە بەدواوە زانیاریی زیاترم دەست بکەوێت بەناچار دەبێ شێوازی کارەکە بگۆڕم، بەشە جیاوازەکانی ئەم ووتارە بخەمە سەریەک و بیچمی نامیلکەیەکیان پێبدەم. هەروەها هیوادارم خەڵکانی شارەزا خۆیان ڕاستەوخۆ بابەتەکان ڕابگەیێنن و خوێنەرانی لێ ئاگادار بکەنەوە، خۆ ئەگەر ئاگادارێکی منیشیان کردەوە دەستیان خۆش بێت!

ئەرکی منیش ئەوە دەبێت هەوڵ بدەم هەواڵی ئیعدانەکان لە چاپەمەنی ئەو ساڵەی ئێران وەک ڕۆژنامەی ئیتلاعات وچاپەمەنییەکانی دیکەی ئێراندا بدۆزمەوە. ئاشکرایە ئارشیوی ڕوکنی ٢ ی ئەرتەشی شا و هەروەها بەڵگەنامە و بڵاوکراوەی هێزی زەوینیی ئەرتەش و ژاندارمری و پۆلیسی ئێران، بەڵام لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا ئەو شتە گونجاو نییە لەبەر ئەوەی هەموو ئەو چەشنە بەڵگەنامانە کەوتوونەتە ژێرعەبای ئایەتوڵڵاکانەوە و دەبێ چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بین کە لە سیستەمێکی مرۆڤانەی غەیرەمەلاییی دواڕۆژدا ئەو ڕاستییانە و هەزاران ڕاستی تر بۆ هەمووان دەربکەون! دیارە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی هەندێک وڵاتی وەک بریتانیا و ئەمریکاش دەتوانن سەرچاوەیەکی باش بن بۆ هەواڵەکە و من لەوانیش غافڵ نابم.

٢٠١٠/٦/٩

١. فردیناند ووستفیلد و ادوارد ماهلر، "تقویم تطبیقی هزاروپانصدساله هجری قمری و میلادی"، فرهنگسرای نیاوران، تهران ١٣٦٠ شمسی، ١٤٠٢ قمری، ١٩٨٢ میلادی

٢. جەژنی مەولوودی موسوڵمانانی شیعە، ٥ ڕۆژ درەنگتر، لە ١٧ ی ربیع الاولی دایە و ئەگەر ڕۆژی حەڤدەهەم بە سەرەتای حیسابەکان دابنێین، ئەوا هەموو ئەو ڕێکەوتانە ٥ ڕۆژ دوا دەکەون واتە ڕۆژە هەتاوییەکە دەبێتە ١٣٢٥/١١/٢٠ و زایینییەکەش دەبێتە ١٩٤٧/٢/٩ .

٣. ١٧ ی هەمان مانگ دەکاتە یەکشەممە